# ئەوین



**کەژاڵ عەلی**

ئەگەر خۆشەویستی زمانی نەبوایە،

دەشتو دەر بە شێوە زاری گوڵاڵە سوورە نەدەدوا.

گەر عەشق فرمێسکی نەبووایە،

ئاسمان تەمی نەدەخستە سەر زمانی زیندووی باران،

هەور بە لەهجەی دڵۆپە داینەدەکرد.

گەر من تۆم خۆش نەویستایە،

ئێستا رووم لە ژیان دەبوو،

پشتم لە مەرگ،

دلم لای تۆ.....